دیوانی

# ئادەم سەفی ئەڵڵا

و

سەرئەنجامی قابیل و هابیل

**لە مەسحەفی موعجەمی کوردی – کەلامی یارسان**

زنجیرەی لێکۆڵینەوەکانی یارسان

لەژێر چاودێریی

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

ژمارە ٨

گەنجینەی فەرهەنگ و ئەدەب و ئاینی کوردی

دیوانی

# ئادەم سەفی ئەڵڵا

و

## سەرئەنجامی قابیل و هابیل

**لە مەسحەفی موعجەمی کوردی - کەلامی یارسان**

پێشەکی و پێداچوونەوەی
د. محەمەد عەلی سوڵتانی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

دیوانی ئادەم – سەفی ئەڵڵا و سەرئەنجامی قابیل و هابیل
پێشەکی و پێداچوونەوەی: د. محەمەد عەلی سوڵتانی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٥٢
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٧٢١ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل

ئوستاد ئەعزەم
پۆسە فەرمایە ئوستاد ئەعزەم
کەلامی قەدیم مەعجەمی ئادەم
نەقڵەن جە ئەلواح سیاهی قەڵەم

## یاهو

دیوانی ئادەم سەفی الله و سەرەنجامی قابیل و هابیل بەشێکە لە دەسپێکی کەلامی یارسان. پێکهاتە ناسیی وتەی کەلامی، شێوەی هێنانە ئارای بابەت لەبواری ئافراندنی مرۆڤ و ئیبلیس، فەلسەفەی قوربانی، شەڕی نێوان هابیل و قابیل و فێربوون لە (داڵ) ـەوە بۆ ئەسپەردەکردنی مردووەکان، برووسکەسەرەتاییەکانی عەشق و سۆز لەمرۆڤدا، پێگەو پلەی شەیس ـ ی پێغەمبەر بۆ بەردەوامکردنی بەرەی ئادەم و چەمکی زەمان (دۆنادۆن) و لێکدانەوەی ناسکاریانەو چۆنیەتییەکەی، ئاینی مەجووس و پێشەنگەکانی و گرینگیی سەرزەوینی ئەفغانستان لەم ئاینەدا، پێکهاتنی دەستەی فریشتەو مەلائێکەکان و وتووێژیان لەگەڵ یەکتر و هاتنە ئارای بابەتی پیرۆز (مەرەمو) و خولّقانی زاتی پیرۆز (اقدس) نووری و دەرکەوتنی (عز و عزبی) و پلەو پایەی حەزرەتی ئادەم و پێغەمبەری خاتەم (د.خ)، مردنی ئادەم سەفی الله و تۆبەکردنی و چیرۆکی هاتنی ئیبراهیمی خەلیل و پرسی فرۆشتنی بوت و شکاندنی بوتەکان و دادگەیی کرانی و وتووێژی لەگەڵ نەمروود و وەزیرانی ئەو سەردەمەو هەروەها ئازەری* باوکی، لەو نووسراوە بەنرخەدا، بەگێڕانەوەی تایبەتی

---

* بەئاشکرا قورئانی پیرۆز لە ئایەتی ٧٤ی سوورەتی ئەنعامدا دەفەرمووێ:
وَ اِذ قالَ لاَبِیه آذرَ ..... حەزرەتی ئیبراهیم کوڕی ئازەرە. ئازەر وشەیەکی غەیری عەرەبییە و بەپێی بەڵگەی تەواو و حاشاهەڵنەگری قورئانی و مێژوویی و تەوراتی، بنەماڵەی پێغەمبەر (د.خ) بنەماڵەیەکی غەیری عەرەب و دانیشتووی کوردستانی ئێستا بوون کە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی عەرەبستان. =

= یەکەم، ئەوەی کە بەگوێرەی فەرموودەی سفری (پەیدابوون) لە کتێبی پیرۆزی تەورات (پەیمانی کۆن)، بەشی دەیەم، دێری ١٠-١١ سەبارەت بە سەرزەوینی نەمروود باس کراوە کە سەرەتای سنووری ولاتەکەی ئەو بابل بووە و ئەرەک و ئەککەد و کلدە لەسەر زەوینی شنغار و... ئەم ناوە جوگرافیاییانە بەتایبەت شنغار (شنگال) و ولاتی حەزرەتی ئیبراهیم و نەمروود روون دەکاتەوە و سەرچاوە بڕواپێکراوە مێژووییەکان ئیبراهیم و سیاوەش و هەندێ جار ئیبراهیم و زەردەشت بەیەکێک دەزانن کە ئەم بۆچوونە گەیشتووەتە ئاستی متمانەداری و حاشاهەڵنەگرە و لە جێگەی خۆیدا بەوردی باسم لێ کردووە و لەلایەکی ترەوە مێژووی دوورگەی عەرەب، بەئاشکرا عەدنانییەکان کە هۆزێکی قورەیشی بوون، بە موستەعرەب واتە بەعەرەبکراو ناو دەبات و رەسەنایەتیی عەرەببوون دەگەڕێنێتەوە بۆ قحطانییەکان کە لە باشووری دوورگەی عەرەبدا ژیاون و بەئاشکرا و بەگێڕانەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز، حەزرەتی پێغەمبەری مەزن (د.خ) و بنەماڵە بەڕێزەکەی، ئەدەبیات و زمانی عەرەبییان زۆر لا گرینگ نەبووە و هەروا کە لە راڤە و شیکردنەوەی ئایەتی پیرۆزی ( فَلَمّا رَاَي الشمسَ بازِغَه قال: هذا رَ بّي، هذا اَكبرُ) (سوورەتی ئەنعام، ئایەتی ٧٨)، حەزرەتی ئیبراهیم بۆ هەتاو کە مێیینەی مەجازییە، دەبوا (هذه) بەکار بهێنایە و هەروەها لە ئایەتی ٦٣ی سوورەتی تاها: (انَّ هذانِ لِساحران) و حەدیسی (مَن حَبَّ حَبيبَتاه لم يَكْتُبْ بَعدَ العَصْر)، دەیان حەدیسی تر هەن کە بەڵگەی ئاشکران و بەئاسانی ناکرێ تێپەڕ بکرێت. هەروەها بۆ شیکردنەوەی ئایەتی ٦٨ی سوورەتی ئەنبیا و ئایەتی ١٦ی سوورەتی فەتح سەبارەت بەسەرهەڵدانی گەلی کورد، دەکرێ سەردانی سەرچاوەکانی رووحولەعانی، دورەرولمەنسوور، ئیبنی کەسیر، ئەلمیزان، ئەلئسابە، مەسنەدی تەیرانی، ئەلقامووس، تەفسیری جەلالەین، کەشاف و ... بکەین. دوای ئەوەش، ئەو رەوایەتەی کە پێغەمبەری مەزن (د.خ) واتای وشە عەرەبییە کۆنەکانی لە حەزرەتی ئەبوبەکر پرسیوە و... ئەمانە هەموو پەلکێشمان دەکات بەرەو بەڵگەمەندبوون و بڕواپێکراویی رەوایەتە کەلامییە بەهێزترەکان و رەسەنایەتیی پرسەکە. دەقی ئەم نووسراوانە جگە لە مەسەلەی بیروبڕوایی، لە گرینگترین سەرچاوە مێژووییەکانی گەلی کورد و ئەدەبیاتی کوردی دێتە ئەژمار، کە مەخابن توێژەران و ناوەندە فەرهەنگی و زانستگەییەکانی پێوەندیدار هیچ سەرنجێک نادەنە ناوەڕۆک و بایەخی ئەم پرسانە؟! لە حاڵێکدا لە ئەورووپا و ناوەندە رۆهەڵاتناسییەکان زانایانی لێهاتوو تەمەنی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەم پرسانە تەرخان دەکەن.

پیـرۆزدا، باس کـراوە. بایەخـی ئەم نووسـراوەیە لـەڕووی بڕواییـیـەوە پێگەی تایبـەتی خـۆی هـەیە و وەک کـتـێبـە پیرۆزەکـانی دیکە بۆ نـاسینی ئاینی کەونارای یـارسـان بەڵگەیەکی بڕواپێکراو و پتەوە کە لە بوارە جیاجیاکانی زانستی، وێژەیی، مێژوویی و پێوەندییـەکانی نیشتـمانی و نەتەوەیی بابەتگەلێکی زۆر سـەرنجڕاکێش و خـاوەن متـمـانەی لە خـۆیدا جێ کـردووەتەوە. تا ئێـستـا لە رووی زانسـتی بەلاغـە و جـوانی ناسیی ئەدەبییەوە ئەم دەقانە لێک نەدراونەتەوە و بەوردبینییەوە چاویان لێ نەکراوە. لەلایەکی تریشـەوە، ئەم نـووسراوانە وەک یەکـەم دەقـە نووسـراوەکـانی کـوردی وەک ڕێنوێنێکی بیـرو بڕوایی و ئاینی دەسـتـمـان دەگـرێت و چاومـان روون دەکـاتەوە بۆ کەڵک وەرگرتن لە وشـەکانی هـەموو زاراوەکانی زمانی کوردی و لەو دەقانەدا لە وشە و زاراوەی هـەر چوار پارچەی کوردسـتـان (ئێران، عێراق، تورکیـا و سووریا) کـەڵک وەرگـیـردراوە و تا ئێـسـتـا لە هیچ کـتـێب و نـووسـراوەیەکـدا هیچ ئـامـاژەیەک بەو تایبـەتمەندییـە بـەنرخـانە نەکراوە. بابەتێکی تر، جیـاوازبـوونی گێڕانەوەی ئەدەبی و مـێژوویی ئەم نووسـراوەیەیە کـە رابردووی هزری و کەلتووریی گـەلی کورد لە گـەلانی تری رۆهـەڵاتی ناڤین جیا دەکاتەوە و دەیخاتە ریزی گەلانی خاوەن شارستانیەت و لە مـێـژینەی وەک ئـێـران، یۆنان، مـیـسـر، هیند و... لە رووی بیـرو بڕواشـەوە نـزیکی دەکاتەوە لە دراوسـێکانی وەک تورکیـا، ئـازەربایجان، ئـەرمەنسـتـان و ئـەفغانسـتـان. باسکردن بـۆ شیکاریی ئەو بـابەتانەی کە بەشـێوەی گشـتی ئامـاژەم پـێ کردن، بۆ دەرفـەتێکی تـر دادەنێم و سـەبارەت بەم نووسـراوە بـەبایەخ و تایبـەتە ئەبـێ سـپـاسـی فراوان پێشکێش بەمـامۆسـتای بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی بکەم کە بەردەوام لە بواری مـێژوو و فـەرهـەنگ و وێژەی گـەلی کورددا چالاک و خـاوەن ڕا بووە و خـاوەنی بیـر و ئـەندێشـەیەکی نوێیە، کە ئەو دەقە دەستنووسـەی لە کتێبخانەکەی خۆیدا پاراستووەو ماوەی کەڵک لێ وەرگرتنی داوە. بەڕێزی فەرموویەتی: ئەم دەقە دەستنووسە، لەلایەن خـوالێـخـۆشـبـوو بـرزوو کـاکـەیی لـە دۆسـتـداران و لایەنـگرانی دەقـە ئاینیـیـەکـانی یارسـانەوە نووسراوە کە لە سـاڵانی ئاوارەیی و پـەڕێوەییدا لە کتێبخـانەکانی بەغدا روونوسـی کـردووە. هـیـوای تەندروسـتـی و تەمــەن درێژیم بۆ مـامـۆسـتـا هـەیەو رۆحـی خوالێخۆشبوو برزوو کاکەییش شـاد و لە پەنای پیرو پاشا دابێت.

د. محەمەد عەلی سوڵتانی

## حق الله دائم

ئوستاد ئەعزەم
بو سەفەر مایەد ئوستاد ئەعزەم

کەلامی قەدیم مەعجەمی ئادەم
نەقلەن چە ئەلواح سیاهی قەلەم

هەرچی ویەردەن کەردەی ئەزەلی
باس سەرئەنجام پەی گردو گەلی

گەر بەجفت و جام ئەر وەمەعزەلی
لە روژ تا بەشەو عومرو عەمەلی

گیانی لە جسمی دەردەچی بەدوون
حوکمەن دیتەوە هەمە دەگوری شوون

ئایە بەسوورەت مەخلوقی دیگەر
بەشکل ئینسان ئەر وە غەیرەلبەشەر

ئەوەی دەنۆشی بادەی مەرگ خۆی
نازانی چی بوو نووسراوە بۆی

فعلا لە مەعجەم گشت نووسراوە
میرد لەخێر و شەڕ چی پێ دراوە

کەردەدار لەگەڵ کەردەی رۆژ حەق
بەدکاران دەخەمە بە نار دوزەق

دوزەق و بەهەشت لەکرد و کویە
ئینسان چی دەکات هەر ئەوەی بویە

ئەزیش هەرچەندی کردو کۆم دەکرد
لەوەی زیاتر هیچم شک نەبرد

ئەوەل و ئاخر خوم بەجێ ئاورد
خودام هەر یەکە نەزاد و نەمرد

قورئان کتابە ئەحمەد رەسووله
هەرچی تێدا بی ئەوەمان قەبووله

قەولی ئایەتی نەبی مەجهووله
خودامان یەکە هەر خۆی عەدووله

لە رەهبەری ئەو چوار یار ئەبی
ئەبی بەکر و عومەرعوسمان و عەلی

هەر یەک رەهبەری روژ ئەزەلی
نووسراوە بۆی کەردەو عەمەلی

ئیستا کە ئێمە هیچ نابین وەک یەک
هەر وەک جەندرمەی چەکدار و بێ چەک

وەک ئارد خەلیت وەئەندەک ئەندەک
مەخلوقی زۆرین مەلامانیش یەک

چواردە تەبەقە ئەرزو ئاسمان
تێدا دەسوورێ هەفتەو هەفتەوان
لە بۆ ژمارەی سەرمانگ و سالان

زاهیرو باتن لە هەموو لامان
کەی دەکات زهوور کێ دەبی پەنهان

دوازده بروج ئاسمان ئەفلاک
مەخلوقی قودرەت مەولای تەنها تاک

هەر لە هەمل و گاه جەوزا و سەرەتان
پارێزگاری شیر سونبلەو میزان

عەقرەب وایلە جەد بەقەوس و کەمان
دەلو خالی کرد گوم ئاوی حووتان

گاهێ وێرانە و گاهگاه ئاوەدان
هەر خۆی دەمێنی مەولای ئینس و جان

## مەبدەئی تەرکیب قالبی دوو تەن

ئینسان لە گل

شـــەیتـــان لـە نـار إنســـانـی لـە گل

هـەردووکـی خـولـقـان سـولـتـان عـادل

بـەعـرفـانـی پاک رەشـیـدی فـاعل

قـــالبی دوو تـەن عــــاجل و ئاجل

تەرکـیـبی ئەوەل و ئاخـر بوو کـامل

سـاج و کـوچکانی لە بەردی ئەسـەم

جـان بنی جـان نووسی بەقـەلەم

لـەبۆ عــــەزازیل دووهـەمی ئادەم

کێ سـاجی بر کـرد نار لە جـەهـەنەم

بو ســـەنگە هائیل هینایە بەردەم

لەژێر سـاجـدا خـاکی بوو ئادەم

جـانیش خـەلقـیابوو لە نار سـەبوون

هـەر وەک عـــەزازیل بەتاو سی چوون

روژ سـاج نار چەژن مـیـارەگ

بو مـەلەک تاووسی و باقی مـەلائک

ئەوسـا کـە ئادەم لەژێر سـاج نار

عـومـر هەزار سـال بۆی بڕیا قـەرار

کـوچکانـی لەبەرد ئـەسـەم بوو حـاصل
قــالب جــەســتــەی تێــدا بوو نـازل

هـەر وەک گـۆزەی گڵ برشــتـەی کـەواز
قـــالبی ریژا ســاحـــیب عـــەدل ناز

ئەوسا دای مەزران قـەوسێکی لە دەشت
لەســەر دوو قـاپی دوزەخــەو بەهـەشت

**مەبدەئی خولقاندنی حەوا**

لـەســـار ســێــبــەر ئـەو دار تووبا
لەبـەین گــولزار بەهـەشـــتــا مــاوا

نە گـەرمـای خورشـید نە تاریکەشـەو
لەو شـەوق ئادەم دیدەی چوویە خـەو

حــــەوا لـەدەنـەی چـەفـت چـەپی دا
بەدەســتی جـبـریل وەئەمــر خـودا

لە پەهـلوی ئادەم رای کـێـشـا بەدەر
شــیـلای بـەقـالـب ئەشکال بەشــەر

ئەرواحی پێـدا بو جـفت و جـامی
هـەزار مــەرحــەبا بو ســەرئەنجـامی

**الله فەرمووی بە مەلەک طاؤس**

ئــەزلـی لـەبـۆ تـوو بـڕیـاری ئــەدەم
تابع تائوس پـەر پیش کـەشت دەکـەم

لـە توو گــرووهــێ ئـەز دەکــەم پەیدا
شــەرتیــان بتـون بی لـەعـالەم وەلاە

ئەسـمی ئـەعـزەمت بـوو بە عـەزازیل
لەسـەر وەزیران مـیکال وە جـبـریل

ئەمـیـری عـادل سـولتـان ئـەقـدەم
زاهـیـر و بـاتن گـردین عـالـەم

ئـەوەل و ئاخـر کـە بـود و نەبـوود
لـە قـال و بـەلا چـی هـا لـە وجـوود

لەئەز بـەولاوە هیچ نەکـەی سـجـوود
عـاسـیـان دەخـەم وەنـار بـی دوود

## تەوق لەعنەت بار

لەســەر دوو دەرگــای بەهــەشت و دوزەق
قـــەوســێکی لێــدا پێ بن مــوەســـەق

لەو دەرگــای جــەننەت دو دارەی بـەلەح
ئاگــری بێ دوود وەک قــەوس و قــەدەح

بەحــوکم و فــەرمـان دەهــەندەی جـەلیل
کـــەسـی بەلـەعنـەت خـــۆی دەبی ذەلیل

هـەم تەوق غـــەزەب لـە بەرد ســـجـــیل
نـار جــــــــەهــەنـەم لـی دەبوو نـەزیـل

ئـەویش لـە مـــعـــجـــز عـــەلی القـــدیر
جـــەزای تاوەنبـــار عـــەزاب ســـەعـــیـر

لــە گـــــــــــولـزار و گـــــــــــەشـت
ئـەرواح عـــالـەم لە گـــولزار و گـــەشت

عەرش شاهەلگیر مەلائک بوون هەشت
دەکــردن ســـەیران دەروازەی بەهــەشت

عـــەزازیل دەیگو داخـــو کــامـین کـەس
جـــەزای پێ ئـەدەن تا ئـاخـــر نـەفـــەس

لـەعـنـەتی دەکـــــــەس بوی نـالـی بـەس
مـەولامــان یەکـە بۆ بێ کـەســان کـەس

ئاخــر ســەرئەنجـام خــوی لە ملی کــرد
خــــودامــــان یەکــــە بەلەعنەتی برد

لەو ســـەردا بەئـەمــر کــارســاز کــەریم
دەبیــتــەخــەتیب ئەســحــاب الجـحــیم

یەک یەک جەریمەی گشـتیـان دەخوینی
جــەرگــیــان بەئاگــر زەقــوم دەردینی

ئـەمـــە وەزیفـــەی شــــەیتــــانە لـەوێ
لـە بئس المصـــــیـــــر وایان پـێ دەلـێ

ئەرێ هەی خەڵکی بەد ئەهلی جەهەننەم
جــــەزاتان حـــەقـــە بێ زیاد و کـــەم

حـرس و نەفسـتــان بەفسـقـە و فجـور
خـــــۆتان لـە راســـــتی لاتان دا بەدوور

لۆمـــەی مـــجـــرمـین ئەو دەکـــات لـەوێ
هـەمـــووی کـــە راســـتـــەدرۆی لـێ نەوێ

ئینتــقــام حــەق دەکــەن جـێــبــەجێ
خـودام بێ خـەوە، خـەڵکیش دەخـەوێ

## قاتیل ئەوەل

فەرزەند ئەوەل ئادەم قاتیل ئەوەل
قەست برای کرد لە شاخ و جەوەل

لەبۆنەی ئەقلیم چونکە جفتی بوو
بەعەکسی ئایەت ئەوەی لێ دەرچوو

قابیل و ئەقلیم خوشک و برانە
هەم لە ئەوەل زگ دایە حەوانە

هابیل و غەیسا لەپاشی ئەوان
دووهەم زگی بوونە لە غیرە الجنان (لەدورەوی جەننەت)

حەوا لە ئادەم بیست زگی زایی
لفە دوانە شیس (شیث) بەتەنیایی

چونکە کەس نەبوو وەک بەنی بەشەر
لە بۆیان ئایەت معجەم هاتە دەر

ئەی لف بەئەولف بدەن بەشووهەر
تەجاوز لە حەق نەکەن زیاتر

ئەمەی قەرار بوو حەزرەتی ئادەم
وفقاً بەئایەت کتاب معجەم

بێ فایدە قابیل قەبولی نەکرد
بۆ حسن ئەقلیم عەشقی لە دل برد

حـــەزرەتـی ئادەم هـەمـــووی گـــردۆ کـــرد
لقـی ئـەمـــــەکـــــەی بـۆ ئـەوەکــــــەی بـرد

گــشت جــێــبـــەجـێ بـووە بـێ عنایـەت
قـــــــــابـیـل و هـابـیـل بـوون بـەروایـەت

قــابیلیش دەی گــو هیـچ فــەرقـی نیــیــە
هـەمــــوویان لـە یـەک زگ پـەیدا بـیــیـــە

ئـەی لف و ئـەولف خـــــوشـک و بـرامـن
ئـیــوە بەخـــلاف حـــەقــیــقـــەت دەچـن

ئەقلیم و غـــەیسـا ئـەم دوو خـــوشکانە
هـەر دووکـــیـــان لـە زگ دایـە حـــەوانـە

ئـەمـــەتـە المغــیث هـەم خــوشک ئەقلیم
لـە بـاوانـیـــیـــان هـیـچ فــــەرقـی نـەدیم

ئادەمـــیش فــەرمــووی لـەبـەر ئـیـمــانـی
هـەر دوو کــیـــان بدەن زۆرو قـــوربانـی

کـامــیـان قـوربانـی قـەبوول بی لـەو ســەر
ئـەقلیم بۆ ئەو بی غـــەیســا بـۆ دیگەر

**قوچ قوربانی**

هـابیـل ئـاوردش ئـەو قـــــوچ قـــــوربـان
قـــابیلیش ئـاورد ســـفــرەی پڕ چە نـان

نـەو جـــەبـەل تـوبـە بـەردشـــان پـەی بـان
چەوشـــونە دوعـــای نـەزریشـــان وانـان

هـاســـتــشـــان وەجــا ئـامـــایی بـەوار
نـاگـــــاە پـەیـدا بـی یـەک بلـوتـەی نـار

بریسکەی بەرقش دا بەو کەش و کوهسار
قـــوچ قـــوربانی هـابیل شـی وەتار

لەو رۆژە قـــابیل عـــەقلی شــێـــواوە
رەنجـــی بـــێ وەر بـــوو لــەهــــەر دوو لاوە

لەئـاخــــر تـەدبیــــر رۆژی گــــەڕاوە
بۆ فــــــەتارەتی وای لـەخــــۆی داوە

ئەمـــــانی لەســـــەر هـابیل نەمـــــاوە
بـە ئـەمــــــــــانـەتی بـۆی دانـراوە

لـەلایـەن ئـادەم تـەنبــــــیــــــە داوە
چـاوی بــەهــابــیــل بـبـی لــەونـاوە

قـــابیل لە ئـادەم خـــەیانەتی کـــرد
بۆ گـیــان هابیل وەشـــەڕ دەســـتی برد

**هابیل دەڵێ**

بـۆ کــوشــتــار مـن توو دەســـتت دینـی
ئەقلیــمـیش لەئەز تەبگا دەســـتـینی

مـن دەســـــــتـم نـا بـەم بـودارو بـەرد
بەنسـیـبت کـــەم هەناســان ســەرد

توو قـــەســـتم دەکـــەی دەمکوژی وەبەرد
خــۆی دەمــان بینی پادشـــای ئەحـــەد

هەر چەند رجـای کـرد نەگـەڕیا لـەرەنگ
ســەرنگوونـی کـرد بە ئەســبـابی جـەنگ

دەشـــــەوا نـە رۆژ دل بـە جــــۆشـــەوە
هابیلی گـردا ئەو بەدۆشـــەوە – (شـــان)

پەشـــیـــمـــان بـوو خـــار خـــاتر ریش
جـــەنازەی هابیل حـــەل دەگـــرد بەکـــیش

**دوو دالی سیاه**

دەکردن پەرواز
دوو دالـی ســـــیــــــاه دەکــــــردن پـەرواز
گـــاهـێ بـۆ پایین گـــاەگـــاه بۆ هـەوراز

ســـیــــاه دالێکی رەشـــە دال کــــوشت
وەچـەنـگـال چـەنـگ هـەوای دا وەپــشـت

لـەو لاوە لـە لـەرز خــــــــاکی هــەل دڕی
تێـــدا دەفنی کـــرد دیســـانە هەل فـــڕی

قـابیـل خـۆی بەخـۆی گـویتـی هەی هاوار
هـۆشـم پـێ نـەبـوو وەک تـەیـر بـالـدار

ئەوسـا کـە هـەلسـا لەو شـوونە بەو حـال
جـەسـتـەی هابیلی قـایم کـرد لـە چال

دەلیل پینای ئەم حــــال و لەو حــــال
خـــودامـــان یەکـــە حـــەی ذوالجـــلال

**دوعای هابیل بۆ قوربان سوخەن**

حەق الله ئامین شوکرانە بەتوو
شـــــای ســــــاحـــــیب کـــــەرەم
رەزاق دەهـەنـدەی گـــــردین عـــــالـەم

بەئیـــــخـــــلاص پاک مــــەلائـکانت
گـــروی صـــالـەحین ئـەرزو ئاســـمـــانت

وەم تیـــــــغـــــــە دائم بـڕیارت دابـی
کـەردەی بەئیـحسـان رەوای ئەجـراء بی

بەنـوخـــــتی قـــــەلەم دائی دەوا بـی
دوعـای مـوسـتـەجـاب سـوخـەن وەجـابی

شـــمـــشـیـــر مـێـــردان دایم بەڕڕابی
ســـفـــرەی خـــانـەدان فـــانی خـــودابی

بەذکـــری حکمـــەت مـــعـــجـــەم ئادەم
وەنور رەحـــمـــەت ســـەر پالا عـــالـەم

ســـوخـــەن قـــەبول کـــەی لەبـەر دیوانت
ئیـــد لەباتـی ئەنر کـــەی بەقـــوربانت

چینـە زیـاتر نـەداروم مـــــــــەتلەب
ئەخـــتـــیـــار بەتو دەهـەندەی ســـەبەب

ئەوســـا کـــە ئامـــا یەک بلوتە نار
قـــوچ قـــوربانیش ئیـــداشی بە تار
ئەی واللە وەدین شـــای پەروەردگـــار

چەو دمـــا قـــابیل وەعـــشق ئەقلیم
فکرش زایل بی دیوانەو ســـەقـــیم

عـــەشـــقش دانەدل وەک نار جـــەحـــیم
ویل بی نەسیرات راگـەی موسـتـەقیم

بوو بەســـــەرکـــونەی قـــاتل ئەوەل
راز مـــاجـــەراش ئیـــدەن مـــەکـــەمـــەل

ئەگـــەر دەمـــزانی ئەز دەمـــینم زۆر
دەنووســـیم دیوان مـــەخلوق بی گـــۆر

سەلام بی لە شیس (شیث) وارس ئادەم
باقی سەرئەنجام سوحفی موقەدەم

**عەنقا وەالخەتیف**

ئەو دایە حەوا ئەوەل زەمانە
بیست زگی زایی لفە دوانە

ئیللا شیس (شیث) نەبی ئەو بەتەنهایی
وارثی ئادەم بوو لە دوایی

عەنقا لەناکام شەوی هەل گیریاە
عاقبەت وەدەس کەسێ کوشریاە

عەوەج پەیدا بوو لە عەنقا و غەتیف
دەر چوو لەسینەگ بە حالی کەسیف

عەوەج حەیاتی بەو جورە خوسا
گەیشتە زەمان زهوور موسا (موسی)

ئەو بو ماهی خور دەورەی توفانی
دەس بەکەشتی نوح ئاو تازرانی

موسی مەشغول بوو بەجەنگی فرعەون
لەو کاتە عەوەج گەیشتە ئەو شون

بەگیان موسی هەڕەشەی ئەدا
موسی پەلاری لێ گرت بە عەسا

پەلار موسی دای لە قاپ پای
قاچی نەرم کرد کەس نەکرد دەوای

لاقی کەفتەبان پانی بەحر نیل
لاری ما وە جێ وەزاری و ذەلیل

ســـــوقــــــان لاقــی دەمــی بــوو بــە پــرد
عــیـــلاج مـــەرگـی هـیـچ کـــەس نـەکــرد

بـوو بـەخـــۆراکـی حـــەیـوانـات کــــەش
چـەقـــــەل و روبـا گــــورگ و دال رەش

گـیـانـی تـەسـلیم کـرد بـەغـەیـبی خـودا
بێ قـــەبر و مـــەزار خـاکـی مــاوە جـا

بـەم جـــورە مـــەولام دونـی پـی گـــوراھ
بوکـــردو کـــەرەم روژ مـــەحـــشـــەرگـاھ

کـــەلام مـــێـــژووی مـــعـــجـــەمـی ئـادەم
بوو بـەســـەرئەنجـام مـاجـــەرای عـــالەم

زەمـــانـی مـێـــژوو شـیـخ ئـەبوالبـەشـــەر
لەئـاخــر زەمـــان ئـەحـــمـــەدی ســـەروەر

یەعنی مـــحـــەمـــەد فـــەخـری کـــائنات
خـۆشـەویستـی حـەق لەو ذات و ئـەیذات

**مەجموع ئادەم**

مـــەجـــمـــوع ئـادەم پـەنجـــا هـەزار بـوو
ئـادەم و حـــــــەوا هــەر وا هـات و چـوو

لــە یـــەک ئـــادەمـــی بــۆ ئـــادەمـــی تــر
پـەنجـــا هـەزار ســـال ئـاراى بوو بـەســـەر

هـەرکـــامـی دەهـات ســـەفـی بوو لـە ذات
کـــۆچـی دەربـاز بوو لـە پـردی ســـیـــڕات

قـــافلەو قـــەتاران مـــەخلوقـــاتـی زوو
هـەرکــــە لـەچـشـــتێ قـــالبـی دەبوو

چەند دەفــــعـــــە هـەروا دەهات و دەچوو
هـەر عـــــاقــــبــــەتی نـەزیر یەکی بوو

پەنجـــا هـەزار کــەس بـەشـــیـــر و نـەزیر
هەر مــحــــەمــەد بو لە ئاخــر بەســـیـــر

هەر یەک لەچشـتـێ گــەیشــتــە مــەنزڵ
ئاخــــــــر ئـادەم بوو قـــــــالبی لـە گڵ

ئێـــمــــە لە ئەنســـاب ئاخــر ئادەمین
داخــۆ چەند دەفــعــە قـــالب دەگـــۆڕین

خـــودامــــان یەکـــە حـــەق الله ئامـین
والحـــــــمــــــــد لله رب العـــــــالمین

**دون قەدیمی**

بو کـــــــەس ناناسی دون قــــــەدیمی
ئازیز پـەروەردەی دار النعــــــیــــــمی

زەینت کـــور وەبی لەســـەر غــەشـــیـمی
کـــــەم کـــــەس دەناسی دون قـــــەدیمی

کـــــەس نابینی شـــــای پەروەردگـــــار
رەنگـی روناکـــــــە هـا لـە پەردەیـی تار

باقی مــەخلوقــات هەروەک مـیــوەی دار
هەر یەکـە بـەیەک رەنگ مـحلی دا قــەرار

مـــیـــوەی فــــراوان بە ئیـــخــــتـــلافی
جـــیـــا جـــیـــایە حـــەول و ئەوصـــافی

وەک جـــــەوزو مـــــازی یان دار بەڕوو
هـیـچ کـــــامـین مــــحلی دیگەری نەبوو

ئیــخــتــلاف رەنگ مــیــردان مـــەوجــوود
لـەگـــەڵ یـەکـــتـــــری مــــوتـابـق نەبـوود

تیکە بەتـەمـــســیـل فـــەرق رۆژ و شـــەو
جـفت جـفت دە خـولـقی ئەویش وەکـو ئەو

**دون قەدیمەی**

بۆ کــــــەس نـانـاسـی دون قـــــەدیمـەی
لـەلای خـــوداوەنـد تـو وەک بەهـیـــمــــەی
چشـــــتـی نـابـەدیـد دەســـــتی لـێ نـەدەی

چی ها لـەبـەر چاو کـــاری پێ دەکـــەی
بـارو بارخـــانـەی کـــۆچت لێ دەخـــەی

لـەوەلا چی بـووی ئـاخــــــریش ئـەوەی
ئەگــەر بـاوە بووی ئێــســتــا کــە نەوەی

لـە دار الفنا وەخـــتی کـــۆچت کــــرد
بەر لـە توو چەندی مــەخـلـوقـاتیش مــرد

هەر یـەک بەیەک رەنگ ئەســبــابی هـەبو
طبـــعـــاً بـەعـــزیکی لەیـادت دەرچـوو

تو هـەم بەو جـوورە وەعــدەی حـــەقت بوو
وەخـــتی کــۆچت کــرد لـەیادت دەرچـوو

کـــەســێکم نـە بیـست دونـی بیـتـــە یاد
ئـیـلـلا گـــــــــــرووهــێ لـە ئـادەمـی زاد

چل کـــەس ئـەوتـاد ئـەرزو ســـەمـــایـە
هـەفت قـوەت بی عـەدول هەفـتـیش لەلایە

ئەمـــانـە هـەروا دوو هـەفـت و چل كـــەس
مــەســؤولی دونیـــان بـۆ ئاخـــر نـەفـــەس

دون وه دون دائـم یـەكـــــتــــــر دەنـاسـن
مـایەی خـێـر و شـەر گـشت دەنگوباسن

خـــورشـــیـــد پڕنـوور بو حـــەق الـنـاسـن
بۆ درووـنـەی چەفــتـــان قـــەیـناغ و داسن

دائـم یـەكـــــتــــــرەک زیـارەت دەكــــــەن
بـۆ عــــــەدل و ئـەوزان بـڕیـاریـش ئـەدەن

تـیـغ و قـــــــــەلاوس ئـەلمـاس تـەراشـن
بـوتـار دەیـی جـــــــور روشـنـایـی بـاشـن

بـو ئاویک خـــومـن لە ئـاوی خــــیـــمـــەن
پاســەوانـی ئەقـتـار هـەمـوو جـێگە هـەن

هـەركــــــە تـیـــــدا بـی كـــــاری رەوایـە
مــــەولایـی لا شــــەریـک ذاتـی پـێـــدایـە

چـوار تـەنـی دیـگـەر لـەلای خــــــــودایـە
جـــبـــریـل و مـــیـكـال بـونیـــامی وایـە

هـەفـتـــاد و دوو كـەس مـیـردی دونیـایه
بۆ دین و دونیـــا ســـەریان فـــیــدایە

لەگـەرمـای خـورشـیـد وەرەبـەرسـایە
كــوورەی جــەهـەنـنەم هـەیه جـانی دایە

نــەوەت و دووی دیـش هــا لــە دەریـایــە
دەســــتـــووری ئـەقـــدەم پـەیان دریایـە

پەروانەی پرتاو بۆ هەمووو لایە
ملک و مەلەکووت باد و هەوایە

خاکی زەردەل ئەرزی موقەدەس (ارض مقدس)
هەمووی ها بەدەس کەسدار و بێ کەس

گشتی بۆ مەخلوق ذاتی خودایە
دەسەلاتت چی بوو لە مەو بەولایە

وەرە پێم بلێ چیت پێ درایە
ئەو گردە لاچوو ئەم گردە وایە

قانون قەدیم گشتی یەک جایە
خەلکیش وەبازارِ کۆلان و کایە

وەبەینی خەلکان نەخەی ئاژاوە
وریای حالّت بە لەم کەولە خاوە

ئەگەر بیداری هەڵسە وەپاوە
میردان پاکت لەپیسی لاوە

بەقەولی چەفتان مەچوو بەراوە
دامەو فاقیان دابو شراوە

## ئەو دین مەجووس

مبتەدایی مەزهەر ئەو دین مەجووس
عەقیدەی قابیل بوو بە چارەنووس

بۆ خۆی و ئەقلیم ئەلباقی نفووس
سوجدەیان دەکرد بەو نار قابوس

چونکە ئادەمیش خودای نەدیە
خۆیشی ناناسی رەنگی لە چییە

وەلەو کە لەوی باسی کردیە
لەگەڵ ئادەمدا قسەی وا بییە

لە بوتەی (أدریس) باسێکی هەیە
هیچ کامیان خودای بەچا و نەدییە

لەپشت پەردەی غەیبەری ستار
گوفتوگۆی دەکرد هیچ نابوو دیار

قابیل لەکاتی قوربان هابیل
چاوی کەفتە نار نور یوخائیل

قوربان هابیل وەقتی چوو بەگەشت
ئاگر هەڵی گرت بردی بۆ بەهەشت

سفرەو نانەکەی قابیل ما وەجێ
شەرارەی ئاگر بۆی نەکەفتە رێ

قـــابيـل لـەو بـۆنـە نـەقـــشــــەی لـەول بـرد
ئـاگـــری بـەنوور خـــودای قـــەبوول کـــرد

لـەو ســـــەردا وەخـــتـی خـــەلکی زورو بـوو
قـــابيل بۆ ملکی (ئـەفــغـــانســـتـــان) چـوو

خـــەڵکانـیش لـەگـــەڵ (ئـەقلیم) و (قـــابـووس)
دەکـــــردن تـاعـــــەت بەو نـار مـــــەجــــووس

بـەدەوران و گـــــەشـت ئـەو نـارو جــــمـــــوور
دەکـــــــردن تـەواف بـەعـــــــەزم ئـمـــــوور

قـــــابيل لە ئـەقـلـيـم دوو فـــــەرزەنـدی بـوو
هـيــچــيــان لەدونـيـــا بـەخـــێـــردا نـەچـوو

ئـەوەلـی کــــــۆر بـوو ئـەوەکـــــــەیشـی لاڵ
دائـم دەجـــۆشــــيــان بە جـــەنـگ و جـــودال

رۆژی بـەعـــــادەت گـــــردەوەبـوون لـە مــــاڵ
دايـک و بـاوک لـەگـــــــەڵ کــــــور و لاڵ

ديســـــان کـــۆر و لاڵ هـەردوو بـوونـە جـــەنـگ
کـــــــۆر هـيـچ نـابـيـنـی لاڵ نـاژنـەفی دەنـگ

کـــــۆر بـەدەنـگ بـا هـاتـە گـــــيـــــان لاڵ
لال چـوو لـەبـۆ پـشت بـاوکـــيـــان لـە مــــاڵ

کـــۆر وەپـالـەقـــە بـاوکـــيـــانـی کـــوشـت
جــــــــەرگ دايـکش بـڕی وەيـەک مـــــشـت

**حەق الله فەرمووی**

ئـەری هـەی وەزيـران ديـوان شـــــــاهـيـم
لـەبـۆ ســــــەربـســــات ئـەحکام بـاقــــيم

بۆ وارسی شـیس (شـیث) خـەلیـفـە دانەم
نـازر بـی وەبان ئـەســـبــــاب عـــــالەم
إحـــســـای عـــەدالەت دار دونیـــا کـــەم
توم و هـەرەمـــــە لەیەک جـــیــــا کـــەم

**بونیام أقدەس دەلی**

بـەلـێ إلاهـی پـادشـــــــای یـەکــــــــون
فـــەرمـــانت باشــە إخــتـــیـــار بتـــون

**میکائیل دەلێ**

بەلێ پادشـــام ســــاحــــیب عـــەدل و ناز
حـــوکــــمت رەوایە بینـای ســـەبەب ســـاز

**ئیسرافیل دەلێ**

بەلێ ســــولتـــانم شـــاهـان وەشــــاه کـــە
فـــەرمـــانت چی بی حـــوکـــمت رەواکـــە

**عزرائیل دەلێ**

بـەلـێ یـەکـــــــانـەی ئـەلـیـف قـــــائـم
مـــــــەولای لـەم یـەزەل ســــــولتــــــان دائـم
بـەنـوخت قـــــەلەم شـــــەرت بـنـیــــــامـین
خـــــــەلیــــــفـــــــەدانـە لـەبـۆ عـــــــالـەمـین
ئـیـــــشــــــارەت لـە تـوو بـۆ دونـیــــــا و دین
ئـیـخــتـیــار بە تـو شـای ســاحـیب تەمکین

**گروی مەلائک**

کـــەردەن إعـــتـــراز گـــروی مـــەلائک
لەکـــامـین کـــەســـان دەکـــەن تـەدارک

خـــێـــر دەبی بـەدەس کـــەسی مـــبـــارەک
لـە ئـادەمـی زاد، یـان لـە مـــــــەلائـک

لەســــــەر ســـــجـــــادەی ئادەم دانـشـی
ببی بـەخـــەلیـــفـــەی یەک خـــاوەن بەشی

حـکـم و عـــــــــەدالـەت الـلـە بـزانـی
بێ جـــەنگ و داوا خـــون خـــار نەویانی

پەی خەلیفەی شیس (شیث) مـەلائک باشـەن
قـــابیلیش قـــاتل هـابیل براشـــــەن

قـــاتیل أوەل خـــائن و کـــەم شـــەرت
خـــەتیف و عـــەنقـــای ئادەم بەدبەخت

بەد لەبهـــتـــەرین خـــەتا باریشـــان
حـــەق ئاگـاهدارەن چە خـون خـاریشـان

گـــەر خـــەلیـــفـــە بوو چە بینی بەشـــەر
عـــالەم مـــەنیـــاران وە خـــانەی خـــەتەر

با خـــەلیـــفـــە بوو چە مـــەلائکەت
ئیـــجـــرا مـــەکـــەران وەزن و عـــەدالەت

مـەجـمـوع کـاران شـەرع و حـەقـیـقـەت
مـــەنیـــاران وەپیش راســتی مـەرحـەمـەت

وەشـــەرت جـــبـــریل بونیـــام حـــەکـیم
گـشت بەئیـشـارەت رەحـمـان الرحـیم

**بونیام حەکیم مەواچو**

مەولای سەبەب ساز
ویت ئاگـــاو بینـای مـــەولا ســـەبەب ســـاز
گـــــروی مـــــەلائک گـــشت هـا لـە پەرواز
فـــەرمـــانت چیـــشـــەن بێ کـــورت و دراز
حـــــوکــــمت رەواکـــــە بەدەنگ ئاواز

**میکائیل مەواچو**

مەولای لاقەرین/تاک بێ هام تا مەولای لاقەرین
ئاگـــاهـدار بەین ســـەمـــا و ســـەرزەمین
پەی عـــەدل و ئیـــمـــداد بینان بەهتـــەرین
شـــاهـان وەشـــاه کـــە بەعـــەزم و تـەمکین
بە حـکم قـــەلـەم شـــــەرت بنیـــامین

**ئیسرافیل مەواچو**

پادشای بێ خەو
مـــــەولای نابەدید پـادشـــــای بێ خـــــەو
ئاڕاســـتـــەی قـــودرەت بینای رۆژ و شـــەو
فـــەرمـــانت چیـــشـــەن هـەرچی مـــای با بەو
گـــوش مــــەدەر بە حـــەرف واتەی ئیـــدو ئەو

**عزرائیل مەرەمو**

ملک و مەلەکووت
پادشـــــای ئەلەس ملـک و مـــــەلەکـــــووت
مـــەخلوقت کـــەردەن هـەمی جـــووت بەچووت
ئیـــــرادەی ویتـــــەن هـەرچی مـــو بابووت

**سولتان سەروەر مەرەمو**

ندای پەی گردین
ئینس و مەلائک ندای پەی گردین
بەشارەت بەخێر نەذیر گردین
چوار تەغم وەزیر کەردەن ئەجمەعین
پەی عەدل و رەحمەت ئاسمان و زەمین
ئیشارەت وەحەق شەرت بنیامین
وەی حکم و ئەلەس موساوات دین/(مساوات: یەکسانی)
(ئایات معجەم) مەکەن فەرامووش
گردی مەلائک بشنەفان وەگووش

**جبریل ئەمین مەرەمو**

ئەزی هەی ئەمیران سولتان سەرجەم
وەزیران خاس پادشای بێ غەم
بکەرووی تەقدیر ئینذار عالەم
چەنی مەلائک ئەولادەی ئادەم
بەنوخت ئەحکام وەقعە مقەدەم
پەی جەم راستان گردین عالەم
بشنەفان بەگووش واتەی ئیلاهی
سفیدش کەرمی گشت نە سیاهی

**میکائیل مەرەمو**

بەلێ بنیامین ساحیب شەرت و شوون
جبریل ئەمین ساحیب شەرت و شوون

وەکـــیل ســـەرجـــەم ئـەجی عـــینـمـــان
مـــەحـکەمـــەن وەتوو رەوای دینـمـــان

**ئیسرافیل مەرەمو**

وەلەوح و قەلەم
پیـــر شـــەتکە هـائیل بـەلـەوح و قـــەلـەم
بـنووسی کـــتـــاب ســـوحف مـــقـــەدەم
نـەشــــــــر بـکـەن لـەبـۆ ئـەولادەی ئـادەم

**عزرائیل مەرەمو**

بـەلـێ ئـیـــســـتـــاکـــە ئـەمـــە رەوایـە
ئـیـــســـرافـــیـل ئـایـەت ئـەمـــە رەوایـە
لــەقــــــــــال و بــەلا بــۆی دانــرایــە
بـۆ کـــەسـێ عـــیـــلاج بـۆ کـــەسـێ دایـە
وەک هـامـــیـــان شـــیـــر پـێی ئـەدەن مـــایـە
دایـی مـــــجـــــرمـین کــــــە بـێ دەوایـە

**حەقا الله مەرەمو**

بـەیوی پـەی گردین
ئـەرێ هـەی مـــەلائـک بـەیدی پـەی گـــــردین
وەی عـــەدل و ئـیـــمـــداد ئـەهـل ســـەرزەمـین
ســــەکــــەس چـەویتـــان بـکـەردی تـەعـین
نـەلەخـــشـــا جـــە قـــەول شـــەرت بـنیـــامـین
بـدیـشــــــان وەدەس حـکـم ســــــەرزەمـین
بـەوەقـت قــــــــودرەت رەب الـعــــــــالمـین

هەم وێنەی قـــابیل خـــەتیف و عـــەنقـــا
چە ئەوشـــان فـیـــشـتـــەر تاوان بار مـــەتا

**قەرار دان وە هەم**

گــــــردی مـــــەلائک قــــــەرار دان وە هـەم
پەی عــــــز و عـــــــزبی عــــــزرائیل چەم
ئینا هـەرســــــەشـــــان وەئەرکـــــان دین
چەنی بەعـــــزیشـــــان چانا گــــــردو بین
پەی حــــــوکم داری ئەهل ســـــــەرزەمین
یەنوخت و قــــــەرار شـــــەرت بنیـــــامین
بین وە خـــــەلیـــــفـــــەی بینای بەهتـــــەرین
حـــسب الفــــرمــــودەی رەب العــــالمین
وارد بین وە دون قـــــــالب ئینســـــــــان
مـــەشـــغـــول بین وەكـــار عـــالی ســـەرووتان

**سوهیل و یەمەن**

ئەرز و ئاســـــمـــــان وەنازش كـــــەمـــــەن
ئـایـا بـویـنـان كــــــــــــاری لاهـــەوەن
وەنەش نیک و بەد چەهەم جـــیـــــاكــــەن
بەو ئەســــــرار غـــــەیب دەهەندەی ئەلەس
چەكـــــەردەی مـــــەولا تا نەزانو كــــەس
داخل بوون وەدون ســــــوورەتی بەشـــــــەر
كـەس پەی نەزانی لە سـوهەیل فـیـشـتـەر
فـەرمـووی بە سـوهەیل هیچ نەكەی ئەندیش

**جبريل ئەمین**

فــەرمـووی بـە سـوهـەیـل هـیـچ نـەکـەی ئەنـدیش
قـــــەرابـەی پـڕ مـــــەی بـۆم بـیـنـە وە پـێش

بـا کــــــەس نـەزانـی چـی دەکـــــەم راهـی
بـو ســـە خـــەلیـــفـــەی ذات ئیـــلاهـی

تـا لـەمــــــەلائـک کـــــەس نـەبـی غـــــروور
خـــەلیـــفـــە گـــانیـــان چـی بوون لـەحـــزوور

**بنیامین مەرەمو**

مـــــەی بکـەن بـەنـارو بـوخـــــار خـــــورمـــــا
شـــــونیـــــزی تێکـەن جـــۆشــــیـــدەن وەهـا

دەبا بـیـنـۆشـی خـــەمـــــار و گــــومــــراه
ســـەرخـــۆشـیـان دەکـەم کـەیـفـە مـائـەشـاء

دیســـــــان لـەمـــــیـــــوەی ئـەنگور تـوبـا
شـــەربـەتـێ دەکـــــەم بۆ خـــەلکی خـــودا

هـەرکـە بـیـنۆشـی بێـــتـــە ســـەر ئیـــمـــان
دەیـکـەم بـەزیـنـەت ئـەرزو ئـاســـــــمـــــــان

تـوو لـەگـــەل یـەمـــــەن لـەبـەزم و ســـەمـــا
بـەســــاز و تـەنبـــور نـەغــــمــــەی دل دەبـا

چەقــــــەوانـە بکـەن وەپـەنجــــــەی زەهـرا
نـەقـــــرەی لـێ بـدات بـۆ رەقــــسـی الـهـــوی

بـپـــــــوشـی وەتـەن تـەنـورەی حـــــــەریـر
برازیی بـەشـــــەوق بـەشــــیــــــر و نـەزیر

بەشـــــیـــــر و نـەزیـر مــــەی نۆش تـوبا
مــــەزەی بەحـــەشـــتی هـەرچی دل دەبا

ئەو سێ خـــەلیـــفـــەی مـــەلائکانت
دونیــــایـە رۆژێ بـوون بـە مــــیــــوانت

ســەرخــۆش بن لـە مــەی بوخــاری خــورمــا
دەمــیــان شــیــرین کــە بەو مــەزەی حــەلوا

هـەر سێ بەو جــۆرە عــەقلیــان شــێــواھ
ســەرخــۆشــیــان کــردن بـە مــەکــری اللە

مــەکــر باشــتــرین مـــەکـــر اللـەیە
لـەم بیـــا بەســـتــە خـــۆی ئـەمـــری دایە

رەبابـە دەکــــەم بۆ نـەغـــمــــەی غـــەزەل
حـــاڵیـــتـــان دەکـــەم دڵداری و ئـەمــــەل

مـــەقـــبـــول بـی لـەلای مـــؤمـنـان دین
ببـی بـەلـەعنـەت لـەبـوو مــــــونـکـەریـن

لـەگـــەڵ مـــەلائک مــەجـــمـــوع گـــردین
شـــاهـد بن بـەرحـــەق خـــەلیـــفـــان دین

تـا کـــــە حـــــاڵی بن خـــــەڵکانیش لـەوی
لـەم سێ خـــەلیـــفـــە هـەرچی دەردەچی

رەقـــصـــیـــدەن زەهـرا بـە ئـەجـــور
وەقــتی خـــەلیــفــان کـــەردشــان زهـوور
خـــەلکان وەگـــردین جـــەم بی چە حـــزوور

شنیـــدەن زیشـــان فـــەرمـــان شـــاهـی
پەی دیـن و دونیـــا قـــــەول ئـیــــلاهـی

کەردشان قەبول پەی خەلیفەتی
بەعەزم و تەمکین و سەلامەتی

گروی مەلائک چەنی ئینس و جان
قانع بین وەئەمر هەر سە خەلیفان

قەرار دان هەم میردان ئەبرار
سەرسال شاهی روژ زینەت بار

وارس بین وەشیس (شیث) وەشەرت یەقین
قانع بوون بە قەول جبریل ئەمین

ئەو روژە لە ملک کابل زەمین
بووبە بەزمەگای زەهرای نازەنین

شەراب شەربەت ئەنگور توباه
سەراحی بەدەست ساقی سەیرانگاه

رەباب و مزمار دەبدەبەی ناقوور
وەسەوت سوهەیل مەشعلان نوور

جەمال رەنگین زوهوەتە الزهراء
چەم وەک گەلاویژ هەستارەی سەما

بالا وەک بەیداغ دەس بە چەقەوانە
عاشقانە دین کەرد بەدیوانە

نەغمەی رەباب وەدەس پەنجەی یەمەن
شەوقش دا نە دل غەریبی وەتەن

بوو بە وەسیلەی کابلی دەستور
وە رەقس زەهرا مەستانان ئجوور

هـەم لـەمـــعـــجـــزات بینـای لاشـــەریک
وەچـون بـــەئـجـــــــــرەت بـو دورو نـزدیک

خـــەلکان گـــردۆبـوون لـەو ســـەیرانگایە
وەک رۆژ زینـەت جـــەژن و ســـــەمـــایە

مـــیـــردان والـع بوون وەرٍەقس و ســـەمـــا
گـــروی خـــەلیـــفـــان کـــەســێکی نـەمـــا

**خەلیفە عز دەڵێ**

هـەی میردان دین
خـــەلیـــفـــان حـــەقـــە هـەی مـــیـــردان دین
عـــز بی وە عـــزرائیل ســـوجـــادەنشین

ئـارو کـــەس نـەمـــەند چە ئـەهل مـــروەت
نـەئینس و نـە جـــان نـە مـــــەلائکـەت

خـەلکان مـەشـغـول بین وەکـەیف و سـەمـا
وەبـەزم ســـــــــوهـــەیـل وەرٍەقـس زوهـــرا

**عزبی مەواچو**

وەی جرم و جەزا
عـــز و عـــزرائیل وەی جـــرم و جـــەزا
مـــعـــجـــزات حـــەق وەی جـــرم و جـــەزا

قـــەولـەن نەســـیـــحـــەت باوەرمی وەجـــا
فـــەرمـــان جـــەلیل بکـەرمی ئیـــجـــرا

**عزرائیل مەواچو**

نـــــــەرم و حــــــکـــــایــــــەت
هـەی عـــز و عـــزبی نـەرم و حکـایەت

به گوفتوگۆ بوو نەرم و حکایەت
وه توندوتیژی نه داریم حاجەت

چی کەراماته بەدنه بوون پەیدا
قەول ئەهل حەق مەکەرمی ئادا

**خەلیفه عز مەواچو**

یاران وێنەی خەلک بەئەجر و کری
سوهەیل و جەوقش باوەرمی وەی جی

مەعشەر خەلکان ماوەران وەی جی
بەنک و وەعزیشان مەوانین پەری

**خەلیفه عزبی مەواچو**

بەو عەزم و تەمکین
عز و عزرائیل بەو عەزم و تەمکین

پەری دین حەق بەو عەزم و تەمکین
نەلەخشیم چه قەول رەب العالمین

وەختی چه لاشان شەرحی مەوانین
چەنوقت و ئایات کارساز کەریم

**خەلیفه عزرائیل مەواچو**

یاران بەئجوور
سابەو باوەرمی ئەوشان بەئجوور

چه حەفل سوهەیل مزمارو تەنبوور
شایەت مەوانین ئایات پڕ نوور

پەی رەقس و سەما نەداریم دەستوور

واتشان ئەری

هەر سە خەلیفە واتشان ئەری
بیا بکەرمی گردو دەس وەری

سوهەیل و زوهرا باوەرمی وەی جی
وەک خەلک وەنەشان بدەرمی کری

وەزع عەدالەت باوەرمی وەجی
خەلکان براریم چە تاریکە ری

ئەو عز و عزبی چەنی عزرائیل
ئالەی مەلائک پادشای جەلیل

أمیر و حەکیم چە موقەرەبین
ئەشراف مەجموع ئاسمان و زەمین

سەر دەستەی زنجیر وەکیلان دین
پەی عەرش عەزیم رەب العالمین

**سەرئەنجامشان**

ئیدەن روایەت سەر ئەنجامشان
پەری مەخلوقات ئەرز و ئاسمان

هەچەروی ئاسو تا وە مەحشەرگاه
حەق فەرمان ویش مەنمانو ئیجراه

مەوینو ئەوزان راست و سەنگەلاه
میرد وەکەردەی ویش مەیاو و وەجاه

هەرسە ئەمیران خەلیفەت الله
تامایی وەلای سوهەیل و زەهراه

**عزرائیل مەرەمو**

ویت و قستاری

یەمـــەن تـوو ئـارو ویت و قـــســـتـــاری

چە وەقت حـــازر کـــە پەی کــری کـــاری

تـەنبـــوور و رەبـاب زەهـرای خـــوش ئـاواز

بـارفـــعـــە ســـوهـەیل چـیــشــتــەن نیـــاز

**یەمەن مەرەمو**

شای ساحب جەلال

خـــەلیـــفـــەت اللە شـــای ســـاحب جـــەلال

خـــاوەن تەخت و تـاج پای عـــەدل و ئیـــقـبـــال

وەکـــیـل ئـەخـــلاق دانـای گـــشـت ئـەقـــوال

ئـەز پـەی رەقـــاســـان کـــابـلـی زەمـین

پـەنجــــەم دا نـە تـار گــــۆرانـی چـرین

وەی رەقــسـی و ســەمـــا مــوخـــالـفـــەی دین

چـیش بـدون جـــــواب رەب الـعــــــالمـین

**خەلیفە عز مەرەمو**

چەنی تاک ویت

ســــــوهـەیـل مـــــوترب چـەنـی تـاک ویت

ئـارو مــــــشــــــتــــــەریم ئـاوردەن پـەریت

بـەو پـەی ئیـــحـــتـــفـــال چەنی تاک ویت

**سوهەیل رەنگین مەرەمو**

نەداریم رەواه

پـەی ئیــــســــــحـــاب دین نـەداریم رەواه

خـــاســـــەتـەن وەک تو خــــەلیــــفــــەت اللـە
چـە کـــــــــابـل زەمـین یـاوایمـی وینــاھ

ئـەگـــەر چـەنیـــمـــان تـوو مـــەنوشـی مـــەی
یـان وەشـــەقـــاوەت قـــەسـت کـــەس کـــەی

ئـەوســـا کـــە پـەیتـــان چـە حـــەفل و شـــایـی
مــــەکـــەرمـی ســـــەمـــا و رەقـس هـەوایـی

**خەلیفە عزبی مەرەمو**

با بنوشین مەی
عـــــز و عـــــزرائیـل بـا بـنـوشـین مـــــــەی

خــاســـتـــرەن چـە بـەزم ئـیـــجــرامـی پـاوەی
فـکـرتـان چـیــــــشـــــــەن بـا بـزانـین دەی

**عزرائیل مەرەمو**

رەقس و گۆرانی
نـەداریم دەســـــتــــوور رەقـص و گـــــۆرانـی

کـــــــابـل بـرارمـی چـی کــــــــاول یـانـی
بـوانـین پـەیـشـــــان وە عـــــز ئـینســـــانـی

چـەی گـــــــــــردو کـــــــــۆشـــــــــان
قـــەرار دان واســـە چـەی گـــردو کــۆشـــان

پـــەی عــــــــــــــــــــەدل و ئـــەحـــکـــام
گـــشـت بـە تـفـــاقـی پـەی عـــەدل و ئـەحکـام

روژ ئـیـــحـــتـــفـــال مـــەی بـنوشـــان جـــام
ئـینـا خـــــاســـــتـــرەن چـە بـەزم و ئـەنـفــــام

چە رەقــســی وەقــتــول دور باچی ئـیــجــرام

ئاما وەلاشان

ســــــوهـەیل رەنـگین ئـامــــا وە لاشــــــان
پـەی رەقس و رەباب ســـــاردی هـەواشــــــان

ســـەرخـــوش بین جــەمــەی بادەی رومـــانی
هـیـچ نـەوین وەتـەنـگ زەمــــــانـەی فــــــانی

مـــەیل دادەن بەنوش چە بەزمـــەگــــاشــــان
عـــــەشق زەهـرا بـی وەمــــــویتـــــەلاشــــــان

نالەی دوو مـــەلەکـــان چرکـــەی چەقـــەوانە
چەنـی گـــــــۆرانـی ئەو شــــــای لوغـــــانە

بـازارِ و تـەلـعــــــــــەت زوهـرای زەمــــــــانـە
ئـیـــد چە ســـر دین عـــەشق ســـولتــانە

ئـەی ســـەرئەنجـــامــە پەی کـــەس مـــەوانە
عـــز چەنی عـــزبی کـــەردشــــان خــــەتا
دەس بـەردەن وەبــان مــــــــــەلکـان زوهـرا

ئاماشان وەسەر

ئەی فـــعل و وەزنـە ئـامـــاشـــان وەســــەر
چا ســـەهـرای چولدا خـــالی چە بەشــــەر

یەک ئیــخــتـیــاری ئیــشـــاندی وە چەم
وەنـەش مــــــەواچـان تـەرکـــــــان ئـەدهـەم

واتش واســـە نـە ئـەی ئیــــخـــتــــلافــــە
حکم خـــەلیـــفـــان عـــالی أشـــرافـــە

عز واتش ئینا چه لای عالەمین
مەدوش وه رومان حەتا وەپەند بین

هەردوو خەلیفە کوشتشان چانا
تا مەردم لیشان خەبەر نەزانا

سا کە عزرائیل ئیدش دی وەچەم
پەرواز کەرد وەباد چون تەیر ئەرخەم

شیاه وه پای تەخت شای ساحب کەرەم
مدرا وەمل کەچ خەجەل بی نەودەم

هەتا وەچل سال نه خورد و نه خاب
مونتەزر وەئەمر دەهەندەی وەهاب

عز چەنی عزبی بودەن پەشیمان
ناقص بین چه رەنگ ئاداب و ئیحسان

ئامایی وەلای ئیدریس رەسول
شایەد توبەشان ئەو کەرو قەبول

واتشان ئامان کەردەنمی خەتاه
مەی نوش و تاوان قەتل بێ گوناه

واتش توبەتان بوسەمو قەبوول
چه هەر دوو سەری دویان بەئوسوول

یەکیش چه دونیای حەیات ئەوەل
دووهەمش ئاخر دونیای موکەمەل

عەذاب یەکیش پەنەتان مەدۆ
کامینتان کامش قەبول مەکەرۆ

عـــــەذاب دونـیـــــا یـان چـە ئـاخـــــر بـۆ
ئـیـــخـــتـــیـــارتان بـە کـــامنش مــــەبۆ

واتـشــــــان ئـەوەل دونـیــــــای بـەردەوام
واتش چـە بـابـل بـودی ســــحــــر عـــــام

عز ئەو حەسەن بی عـەزیز مـەولاە (حسن ع.)
عـزبی حسین بی پور شـاهـنشـاە (حسین ع.)

دون وەدون شـــــەهـیـــــد بـو چـە کــــەربـەلا
إسم عـــزرائیل شـی وە مـــوســـتــــەفـــا

الله دائم و الحمد لله

أدریس رسول خەلیفەت الله

هـارووت و مارووت = ئل با

**ئادەم سەفی الله گویەد**

جبریل ئەقدەم

یـا پـیـــر بنیـــامین جـــبـــریـل ئەقـــدەم
سـاحیب شـەست و شـون شـای صاحب کـەرەم

ئـەم شــــەو ئـەز چـە قـــاب تـەوافی کـــەردەم
دەریـای بـێ کـنـار چـە ئـەنـحـــــای عــــالـەم

مـەجـۆشـیـا بەتاو پی بوخـار [بخـار] و تەم
مـــخـــــاقـــــات مــــەرگ وەدل ئـاوردەم

مــەگـــەر ویم وەزار هـەنـاســـەی ســـەردم
چـەو دار تـوبـا تـەنـیـــــــــــا وەرەقـــی

مــــــامــــــام وەنـەزەر چـەنـی زەورەقـی

دوو هەفت و چل کــەس مــیــردی نەو جــوان
نشـــتـــە بین تیـــدا ســـەلبی مـــەشـــانان

هـیـــــمـــــــان لافـــــاوش پەنەم نـە یاوان
بیـــدار بیم چە خـــاب شـــەفـــەق بی عـــەیان

وانام شـــوکـــرانەی بینای لامـــەکـــان
تـەعـــبـــیـــرش چیـــشـــەن ئازیز گـــیـــان

**جبریل ئەمین گویەد**

پەی خاب شیرین
وەخـــێـــر بایتـــەوە پەی خـــاب شـــیـــرین

چە ئەرجـــای عـــالەم ئاســـمـــان و زەمـین
مـــەنیـــاران چە تو ئەرکـــانی مـــەتین

یەک چە فـــــەرزەندان تو بو چە (أدریس)
چە ئەصل نەســـەب کـە فـەرزەندت (شـیس)

قــــــرون ســــــالان تو مـــــــەشی وەدون
مـــــەبو بە وارث أدریست چە شــــــون

وەنەش مـــەواچان شـــای صـــاحب توفـــان
دو هـەفت و چل کـــەس چەلای ئەو مـــەبان

هـەم چە ئەصـل ئەو باقی ســـــــەروەران
دون وە دون وەیەک دونیـــا مـــەســـپـــاران

**ئادەم سەفی الله گویەد**

پەی حوکم و ژیان
دەورەی عـــومـــر و ئەو پەی حـــوکم و ژیان
چەندی مـــەســـپـــاراش دەوام ســـالان

**جبریل ئەمین مەرەمو**

مەولای ذوالجلال

